حكومة اقليم كوردستان
رئاسة مجلس الوزراء
دائرة بيئة اربيل
هيئة حماية وتحسين البيئة
شعبة المشاريع و (EIA)

Kurdistan Regional Government- Iraq
Council of Ministers
Environmental Protection & Improvement Board

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە
فەرمانگەی ژینگەی هەولێر
هۆبەی پڕۆژەکان و (EIA)

No.
Date: / / 2021

ژمارە: ٤٥٢ دەرچوو
بەروار: ١٩/ ٤/ ٢٠٢١

بۆ / سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پێنج

ب/ ---------

نووسراوتان ژمارە(١٥/ ٤٧٤) لەرێکەوتی (٢٠٢١/٢/٨)..

کاریگەری دروست کردنی (---------------) لە سەر ژینگە بۆ هاوولاتی (-----------) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١ ک تیماری گەورە) بە رووبەری (٤٠٠م٢) لە پۆلێنی (ج) دایە کە دەکەوێتە شوێنی جوگرافی ( N: 36 10 622 - E: 043 98 709) لە ڕووی شوێنەوە گونجاوە، بۆیە لاریمان نیە لەسەر ڕێگە پێدان و جێ بەجێ کردنی بەو مەرجەی خاوەن پڕۆژەکە پابەند بێت بەم ڕێنماییە ژینگەییانەی خوارەوە:-

١. بە گوێرەی نەخشەی پەسند کراوی فەرمانگەی ژینگەی هەولێر پڕۆژەکە دروست بکات.
٢. بەکارنەهێنانی ئەو مەوادانەی کە کاریگەرن لەسەر لە نێوچوونی چینی ئۆزۆن وەکو ( گازی ساردکەرەوەکان،غازی شل، ئیسفنج و نەگەیەنەرەکان ماددەکانی ئاگر کوژێنەوەو پاکژ کردنەوەی خاک و ...هتد وەک لە لیستی هاوپێچ هاتووە.
٣. پابەند بوون بە دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (١٠%) کەمتر نەبێت.
٤. لە کاتی جێ بە جێ کردنی پڕۆژەکە نابێت هیچ پاشماوەیەکی زبڵ و خاشاک فڕێ بدرێت و ژینگەی ناوچەکە پیس بکات.
٥. دانانی تەل بەنی (شبكە) لەسەر تۆڕی مەجرای ناو پرۆژەکە بۆ جیاکردنەوەی پاشماوە رەقەکان.
٦. دروست کردنی حەوزێک بە کۆنکریت (Septic Tank) بە قەبارەی گونجاو یان دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ (Waste water Treatment Unit) بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و خاک و تەندروستی.
٧. دانانی مۆلیدەی (بێ دەنگ) لە شوێنێکی گونجاو جگە لە ڕووی پێشەوەی کارگەکە و پێویستە ئیکرای ئاستی ژاوەژاوی لە (85db)زیاتر نەبێت.
٨. دابین کردنی گشت هۆیەکانی خۆپاراستن و سەلامەتی و تەندروستی و ئاگر کوژێنەوە.
٩. دانانی سیستەمی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی تۆز ی دارتاشی بۆ پاراستنی ژینگەی ناوچەکە .
١٠. بەکارهێنانی شێوازی سەردەمیانە و زانستی بۆ چارەسەرکردنی پیس بوون ( ئاو و هەوا و خاک ) ی پڕۆژەکە و زاڵبوون بەسەریدا بۆ پاراستنی ژینگەی سروشتی و تەندروستی .
١١. پاش تەواو بوونی پرۆژەکە و جێ بەجێ کردنی مەرجە ژینگەییەکان وەلەکاتی ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاریەک ، خاوەن پرۆژەکە دەبێت ئاگاداری فەرمانگەکەمان بکاتەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە تەواوبوون و گۆرانکارییەکانی پرۆژەکە بە پێچەوانەوە وەکو سەرپێچی سەیر دەکرێ و ڕووبەڕووی سزایی یاسایی و دارایی دەبێتەوە.

لەگەل ریزماندا ..

جیۆلۆجی
فلاح مولود اسماعیل
بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی
هەولێر بە وەکالەت
٢٠٢١/٤/١٩

**هاوپێچ**
نەخشەی پەسەند کراوی پرۆژەکە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی هەولێر.

**وێنەیەک بۆ**
- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم / هاوپێچ:
فۆرمی زانیاری ، نەخشە، بەڵێن نامە..... تکایە بفەرموون بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- هۆبەی پرۆژەکان و (EIA) / لەگەڵ بەرایییەکان .
- هۆبەی پشکنین و چاودێری .
- هۆبەی یاسایی.
- هۆبەی پلاندانان. / خوولاو .
- خاوەن پرۆژە (----------) بۆ جێ بە جێ کردنی مەرجەکان/ ژمارەی تلفۆن (-----------).